https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دووبارەکردنەوە لە شیعری (سەدان ساڵە)ی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا

م. ی. سەرباز مەجید خۆشناو

زانکۆی سۆران– فاکەڵتیی پەروەردە– بەشی کوردی

Sarbaz.omer@soran.edu.iq

**پوختە:**

تەکنیکی دووبارەکردنەوە، یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری و وەک شێوازێکی فرەڕەهەند، لە شیعری نوێی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی گرتووە، شاعیرانی نوێخواز بە چەندین مەبەست لە بونیادی شیعرەکانیاندا پەیڕەویان کردووە.

عەبدوڵڵا پەشێو، یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازە دیارەکانی کورد و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە نوێکردنەوەی شیعری حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شێوازی شیعری پەشێو، هونەرەکانی دووبارەکردنەوەن. ئەوەی پەشێو لە شاعیرانی دیکە جیادەکاتەوە، جگە لە دووبارەکردنەوەی پیت و وشە، کاری لەسەر دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە و بەش کردووە. بەمەش وێڕای پڕ ئاوازکردنی مۆسیقای ناوەوەی شیعر، مەبەستگەلێکی زیاتری لە پەیڕەوکردنی تەکنیکی دووبارەکردنەوەدا کردۆتە ئامانج، وەک: بەرجەستەکردنی هەڵچوونە دەروونییەکان لە دەقدا و جەختکردنەوە لە پەیامدا و نوێخوازی لە داهێناندا.

**وشە کلیلییەکان:** دووبارەکردنەوە، دەنگ، وشە، دەستەواژە، مۆسیقای ناوەوە

## دووبارەکردنەوە لە شیعری (سەدان ساڵە)ی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا

### پێشەکی

یەکێک لە دیاردە بەرچاوەکانی پێکهاتەی بونیادی شیعر، لە کۆن و ئێستادا، تەکنیکی دووبارەکردنەوەیە، بەڕادەیەک دەتواندرێ بگوترێ هیچ دەقێکی شیعری نییە دووبارەکردنەوەی تێدا پەیڕەو نەکرابێت، چونکە شیعر بێ مۆسیقا، بێ هەڵچوون، بێ کارتێکردن، خودان پەیامێکی شیعری نییە.

پەیامی شیعری نوێی کوردی، پەیامێکی فرەڕەهەندە و بەدەر لە لایەنی خودی، تێکەڵ بە لایەنی بابەتی بووە. کێشە ڕامیارییەکان، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردە دزێوەکان، خەمی خەڵک، ... و تەواوی وردەکارییەکانیان، بوونەتە هەوێن، ئەمەش ئەرکی شیعری قورستر کردووە.

پەشێو وەک یەکێک لە شاعیرە پڕ جمووجۆڵەکانی نێو بزاوتی شیعری نوێی کوردی، هەڵگری پەیامێکی مرڤایەتی و نەتەوایەتی و کوردایەتییە و شیعرەکانی وەک دەقێکی زیندوو بابەتییانە لەسەر بنەمای شیعرییەت داڕێژراون و بە تەکنیکی جۆراوجۆر ئەفرێندراون، لەوانەش تەکنیکی دووبارەکردنەوە.

**بایەخی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، لەبەر ڕۆشنایی شێوازگەری، پرسێکی گرنگیی ورووژاندووە و وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار دەداتەوە، وەک: ئایا دووبارەکردنەوە وەک دەروازەیەکی شێوازگەری لە شیعری نوێی کوردیدا بەرەو چ ئاسۆیەکمان دەبات؟ ئایا دووبارەکردنەوە تا چەند توانیویەتی ڕەهەندە هونەری و دەلالییەکانی شیعرمان بۆ دەربخات؟ ئایا دووبارەکردنەوە چ پەیوەندییەکی بە

بەرجەستەکردنی هەڵچوونە دەروونییەکان و چ کاریگەرییەکی لەسەر گواستنەوەی پەیام هەیە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** دووبارەکردنەوە وەک دیاردەیەکی ڕەوانبێژی و شێوازگەری، بوونێکی لەمێژینەی لە شیعردا هەیە، بەڵام وەک تەکنیکێکی سەربەخۆ، وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. بۆیە پێمانوایە ئەم بابەتە خزمەتێکی بەرچاوی بواری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دەکات. هۆی هەڵبژاردنی دەقی شیعری (سەدان ساڵە)ی عەبدوڵڵا پەشێو، لەبەرئەوە بووە، کە پەشێو وەک شاعیرێکی نوێخواز، لە بونیادی شیعرەکانیدا، بە ئاگاییەوە بایەخێکی زۆری بە تەکنیکی دووبارەکردنەوە داوە، لە شیعری (سەدان ساڵە)شدا، کارێکی زۆری لە تەواوی ئاستەکانی دووبارەکردنەوەدا کردووە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** دەقی شیعری (سەدان ساڵە)ی عەبدوڵڵا پەشێوە، چونکە پێمانوابووە، بەهۆی دەوڵەمەندیی ئەو دەقە بە تەکنیکەکانی دووبارەکردنەوە، مەبەستی توێژینەوەکەمان بە ئامانج دەگەیەنێ.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، ئاستەکانی دووبارەکردنەوە لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا دەستنیشان بکەین و باس لە جۆر و مەبەستەکانیان بکەین و نموونەی ئەو زاراوە و واتا دووبارانە بخەینەڕوو، کە وەک دیاردەی دووبارەکردنەوە لە پێکهاتەی دەقی شیعرەکەدا بە زەقی دەردەکەون.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بابەتی دووبارەکردنەوە، پەیوەستە بە بابەتی شێوازگەری، بۆیە لە شیکردنەوەی دەقدا پشتمان بە بنەماکانی شێوازگەری بەستووە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی، بابەتی توێژینەوەکەمان کردووەتە دووبەش. لە بەشی یەکەمدا، پێناسەی زاراوە، چەمک، جۆر و شێوازەکانی دووبارەکردنەوە لە شیعردا دەخەینەڕوو و لە بەشی دووەمدا، بە شێوەیەکی پڕاکتیکی دیاردەکانی دووبارەبوونەوە لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا دەخەینەڕوو. لە کۆتاییدا، ئەو ئەنجامانە لە چەند خاڵێکدا پوخت دەکەینەوە، کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا پێی گەیشتووین.

## بەشی یەکەم

مەبەستمان لە دووبارەکرەنەوە، بەکارهێنانەوەی لە جارێک زیاتری پیتێک یان وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، یان کۆپڵەیەک، یان پارچە دەقێک، لە دەقێکی دیاریکراودا، جا بە هەر مەبەستێک و بەهەر جۆرێک بێت.

### ١-١ زاراوەی دووبارەکردنەوە

لە زمانی عەرەبیدا، (تکرار)ی پێدەڵێن و لە چاوگی (کر)ەوە داڕێژراوە. سەبارەت بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی وشەی (الکر) لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا و لە بابەتی (کرر)ەدا، بەچەند واتایەک، هاتووە، لە نێویاندا: ((گەڕانەوە سەر شت، هێنانەوەی جار لەدوای جاری شتێک بە دووبارەکردنەوە)) (ابن منظور: ١٩٩٨، ٣٥٨١)

لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەشدا، بە دووبارەکردنەوە، دووبارە پات، سەرلەنوێ کردنەوە، هاتووە. (هەژار:١٣٨٨، ٢٩٩).

لە کوردیدا (پاتکردنەوە) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٤٢)شی بۆ بەکاردێت. هەروەک زاراوەی (جوینەوە)ش لە دووبارەکردنەوەی واتاییدا بەکاردێت، ئەگەر شێوازی دووبارەکردنەوەکە هونەری و کاریگەر نەبێت.

## ١-٢ چەمکی دووبارەکردنەوە

دووبـــــارەکردنەوە، لە ســــــادەترین پێناســـــەیدا، بـــــریتییە لە: ((دووبارەکردنەوەی زاراوەیەک، بە هەمان فۆرم و واتا)) (البغدادی: ١٩٩٧، ٣٦١). یان ((قسەکەر زاراوەیەک بێنێ و وەک خۆی دووبارەی بکاتەوە، جا ئەگەر زاراوەکە لە ڕووی واتــاوە وەک یەک بــن، یــان جیــاوازبن، یــان واتایەک بێنێ و دووبارەی بکاتەوە، بە مەرجێک لە هەردووکیاندا هەمان واتایان هەبێت، جا ئەگەر زاراوەکان هەمان شت بن، یان جیاواز بن)) (عبد: ٢٠٠١، ١٥).

چەمکی دووبارەکردنەوە لە دەقی ئەدەبیدا، وەک دیاردەیەکی هــونەری ســنووریکی بەرفراوانتــری هەیە ((دووبــارەکردنەوە، بە هەمــوو جۆرەکــانییەوە، بنــاغەی ڕیــتمە. لە مۆسـیقا و لە ســەروادا دەیــــدۆزینەوە و ســــەرچاوەی جوانیناســــییە))(عبد: ٢٠٠١، ١٥). دووبارەکردنەوە، بابەتێکی شێوازگەرییە ((چونکی ئەو ب پەیدا کرنا ئـاوازەیی و هێمـا بوونـا شـێوازی ڕادبیـت)) (نهێلـی، ٢٠٠٧، ٢٣٤). لە هەمــان کاتــدا دیــاردەیەکی ڕەوانبێــژییە، دەتـوانرێ لەســەر هەردوو ئاستی زمـانی و دەلالیـدا، لێی بکۆڵرێتەوە. هەریەکە لەم ئاستانەش، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

بەو پێـــیەی ((دووبـــارەکردنەوە پەیوەنـــدییەکی بە تینـــی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە هەیە)) (الشهرانی،١٩٨٣ ،٤٥)، شـارەزایانی ئەو بـوارە، بــایەخێکی زۆریــان بەم دیــاردەیە داوە و لە هەرســێ هونەرکانی ڕەوانبێژیدا(ڕوونبێژی، جوانناسی و واتاناسی)دا پۆلێن و جـۆری جیاوازیـان بـۆ کـردووە. بە شـێوەیەکی گشـتی لە ڕوانـگەی ڕەوانبێژییەوە دووبارەکردنەوە دەکرێتە دوو بەش[١]:

١- دووبـــــــارەکردنەوە لە زاراوە و واتــــــادا: بـــــــریتییە لە دووبارەکردنەوەی زاراوە، بە هەمان فۆڕم و بە هەمان واتای خۆی، چ لەسەر ئاستی وشە بێت، یان لەسەر ئاستی دەستەواژە و ڕستە، یـــان کـــۆپلە بێـــت. بـــۆ نمـــوونە: (پەشـــێو) لە دووبـــارەکردنەوەی دەســـتەواژەی (ســـەدان ســـاڵە)دا، هەمـــان فـــۆڕمی بـــۆ هەمـــان واتـــا بەکارهێناوە.

(ابـــن رشـــيق)[٢] لە ڕوانـــگەی ڕەوانبێـــژییەوە لە دیـــاردەی دووبـــارەکردنەوە دەڕوانێـــت و پێـــی وایە: ((لە دووبـــارەکردنەوەدا، شـــوێنی بـــاش و شـــوێنی خـــراپ هەیە)) (ابـــن رشـــيق، ١٩٨١. ٧٣). ســـەبارەت بە لایەنـــی خـــراپ لە دووبـــارەکردنەوەدا، دەڵـــێ: ((ئەگەر هەمـــوو زاراوە و واتاکـــان دووبـــارەبوون، ئەوە بۆخـــۆی بـــێ بەهرەییە))(ابن رشيق، ١٩٨١. ٧٤). مەبەستی سەرەکیی (ابن رشيق) ئەو بەکارهێنانـــانەن، کە دەکەونە دەرەوەی یاســـاکانی ڕەوانبێـــژی، وەک: هونەرەکـــانی (گێـــڕانەوە و هەڵگێـــڕانەوە، ڕەگەزدۆزی و ...) (الشهراني،١٩٨٣ ،٤٥)،.

٢- دووبـارەکردنەوەی واتـا بە زاراوەی جیـاواز: لێرەدا فـۆڕمی دووبارەبووەوە وەک خۆی نابینین، بەڵام لە لێکدانەوەدا، هەمـان واتـا بەرهەمدەهێنـدرێت. بۆ نمـوونە پەشـێو لە شـیعری (سـەدان سـاڵە)دا، لەنێوان (بێ بەزەییم) و (بەزەیی من – زەریایەک بـوو، بینیـان پێوەنـا و هەڵیانمشـت)دا، هەمـان واتـای، کە نەمـانی بەزەیـیە، بە داڕشـتنی فـــۆڕمی جیـــاواز دووبـــارەکردۆتەوە. ئەمەش وەک دیـــاردەیەکی ڕەوانبێـژی، دەچێـتە خـانەی دووبـارەکردنەوەی واتـایی. (ابـن الاثیـر)

بـایەخی ئەم جۆرە دووبـارەکردنەوەیە بـۆ مەبەسـتی جەختکـردنەوە دەگەڕێنێتەوە. (ابن الاثیر: ٢٠٠٩، ٢٥٧).

پەشـــێو لە شـــیعری (ســـەدان ســـاڵە)دا، هەردوو جـــۆری دووبارەکردنەوەی پەیڕەو کردووە، بەڵام لە دەقدا، لە هەموو ئاستەکاندا، سنوورێکی بەرفراوانتری بە جۆری یەکەم بەخشیوە.

لە شێوازگەریی نوێشدا، ((دووبارەکردنەوە، تیشک دەخاتە سـەر خـاڵە هەســـتیارەکانی دەربـــڕین و ڕادەی بـــایەخی دەربـــڕەکەی پێیـــانەوە، دەردەخـــات، ئەمەش بە واتـــای بـــوونی دەلالەتـــی دەروونیـــی بەهێـــز، کە ڕەخنەگر بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و بۆ لێکدانەوەی کەسێتیی نووسـەر سوودی لێ وەربگرێت)). (الملائکە: ١٩٩٦، ٢٤٢)

لە شـــیعری نوێـــدا دووبـــارەکردنەوە جـــگە لە ڕەهەنـــدی هـــونەری، ڕەهەنـدێکی دەروونیشـی هەیە ((چـونکی ئەو یـا خـودان ئەرکـێن چـووتە (مـــزدوج)، هۆزانڤـــان و وەرگـــری ڤەدگریـــت)) (نهێلـــی،٢٠٠٧، ٢٣٤). هەر ئەمەش وایکردووە، کە ((دووبارەکردنەوەکان وێڕای بەهـای مۆسـیقی ببنە هـــۆی بەهـــا و بـــایەخگەلی جەختکردنەوەیـــی، وروژێـــنەری، وێنەیـــی یـــا سۆزداری)) (ئیمامی، ٢٠١٨، ٤٣٠). لە شیعری شـاعیرانی نـوێی کوردیشـدا، ئەم دیاردەیە، یەکجار بەرچاوە، چونکە ((یەکێک لە دیاردە شـێوازییەکانی شیعری نوێی کوردی، دووبارەکردنەوەیە، ئەویش بۆ بەدیهێنـانی زیـاتر لە مەبەســـتێک بووە))(کـــاکی، ٢٠١٢، ١٣٤). لە شـــیعری (ســـەدان ســـاڵە)ی عەبـدوڵڵا پەشـێودا، ڕەهەنـدی دەروونـی و ئەو مەبەسـتگەلە جیـاوازانە، بوونێکی کارایان هەیە.

**٣-١ شێوازەکانی دووبارەکردنەوە**

دووبـارەکردنەوە وەک دیـاردەیەکی زمـانی، بە دوو شـێواز لە دەقـدا دەردەکەوێت:

**١-٣-١ دووبارەکردنەوەی سادە:** مەبەست لە دووبارەکردنەوەی ئەو یەکـــانەن کە لە پێکهـــاتەدا ســـادەن، ئەمـــانیش لە چەنـــد جۆرێکـــدا بەرجەستەدەبن: (دەنگ، پیت، جێناوەکان، ئامرازەکان، وشە).

**١-٣-٢ دووبارەکردنەوەی ئاڵۆز:** مەبەست لەو یەکە سینتاکسییانەن، کە لە ڕووی پێکهـاتەوە ئـاڵۆزن و لەلایەن داهێنەرەکانیـانەوە دادەڕێـژرێن، وەک: (دەستەواژە، ڕستە، فۆڕم، کۆپلە و بەش).

ئەرکـــــی دووبـــــارەکردنەوەی ئـــــاڵۆز، بەدەر لە ئەرکەکـــــانی دووبـارەکردنەوەی سـادە، لە ڕووی دەلالەتەوە، بەجەختتـر و بەهێزتـرە و بەرهەمهێنەری مۆسیقایەکی شیعریی چڕتریشە. (السد: ١٩٩٩، ٣٩).

**بەشی دووەم**

**شێوازەکانی دووبارەکردنەوە لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا**

**٢-١دووبارەکردنەوەی دەنگ**

دەنـگ، وەک بچـوکترین یەکەی زمـانی، بە کرۆکـی پێکهـاتەی زمـان دادەنـدرێت. ئەو کەرەسـە خـاوەیە، کە وشـە و دەسـتەواژەی لـێ دروسـت دەکرێـت (عمـر: ١٩٩٧، ٤٠١). هۆکـاری جیـاکردنەوەی دەنـگ لە بـابەتی دووبـارەکردنەوەی پیـت، لەبەر ئەوەیە، ژیـنگەی پیتەکـان کـاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دەربڕینی دەنگیدا دەبێت، هەندێکجار بەهێز و هەندێک جار بێهێـز. جـگە لەمەش لە هەنـدێک بـاردا، دوو پیتـی جیـاواز لە دەربڕینـی

دەنگیدا، ئەوەندە لەیەک نزیکن، کە بتوانن وشەیەکی ئاوازدار دروست بکەن، بۆ نموونە لە دەستەواژەی (شیرین ژار)دا، هەردوو پیتی (ش، ژ) لە گۆکردندا، ئەو نزیکییەیان لە نێواندا هەیە.

ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا، لەبەر ئەوەی شێوازی داڕشتنەکەمان بە نووسینە و مامەڵە لەگەڵ پیت و ڕەمزی دەنگەکان دەکەین، بە کورتی لە سەر بابەتی دووبارەکردنەوەی دەنگەکان دەنووسین.

دووبارەکردنەوەی دەنگەکان، بەسەر دوو جۆردا پۆلێن دەکرێن:

**٢-١-١ هاونەبزوێنی:**

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگە نەبزوێنەکان ((بەڵام دوایی وردە وردە ئەم دیاردەیە گۆڕانی بەسەردا هات و وای لێهات دووبارەبوونەوەی دەنگی لەیەک نزیکی وەک (س،ز) و (ش، ژ) یش بگرێتەوە))(عەلی، ٢٠٠٩، ١٢٨).

پەشێو وێڕای دووبارەکردنەوەی دەنگە نەبزوێنەکان، لە پێکهاتەی دەستەواژە و دێڕ و کۆپلەدا، کاری لەسەر دووبارەکردنەوەی دەنگە نزیکەکانیش کردووە، بەمەش ئاوازێکی پڕ سۆزتری بە مۆسیقای شیعرەکە بەخشیوە، چونکە ((مۆسیقای ناوەوەی ڕیتم بریتییە لە ڕێکخستنی دەنگەکان)) (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٩). بۆ نموونە، لە پێکهاتەی دەستەواژەی (شیرین ژار) و (ئاشی مێژوو) لە دێڕی (گەڵی ژنی سوڵتان دەشۆم) سوودی لەم لەیەک نزیکییە وەرگرتووە.

**٢-١-٢ هاوبزوێنی:**

هەرچەندە کاریگەریی دەنگە بزوێنەکان بە بەراورد بە دووبارەکردنەوەی دەنگە نەبزوێنەکان، لەکاتی دووبارەبوونەوەیاندا هێندە

دیار نین، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە، هاوکارییەکی زۆری بەرجەستەکردنی مۆسیقای دووبارەبوونەوەی پیتە نەبزوێنەکان دەکەن. ((ئەم دیاردەیە بریتییە لە چڕکردنەوەی مۆسیقا لە شیعردا))(عەلی، ٢٠٠٩، ١٣٧) بۆ نموونە: دەنگی بزوێنی (ە) لە وشەی (پینەپینە)، یان دەنگی بزوێنی (ا) لە پێکهاتەی دەستەواژەی (لافاوێکی لاسار) و لە دوو دێڕی ( ماسی و چەنگاڵ – مشک و جەواڵ)دا. مۆسیقای پێکهاتەکانیان زیاتر بەرهەست کردووە.

## ٢-٢ دووبارەکرددنەوەی پیت

ئەگەر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، لە دارشتنی دەق بڕوانین، بەهۆی سنووردارییی ژمارەی پیتەکان، هیچ دەقێک نییە پشت بە دووبارەکردنەوەی پیتەکان نەبەستێت. هەرچەندە دووبارەکردنەوەی پیت، بە بەراورد بە شێوازەکانی دیکەی دووبارەکردنەوە ((سادەترین جۆری دووبارەکردنەوەیە و لە ڕووی دەلالەتیشەوە، کەم بایەخترینیانە، بەڵام شاعیر بۆ سازکردنی مۆسیقا پەنای بۆ دەبات)) (الکبیسی: ١٩٨٢، ١٤٤)، کەواتە ئەو دەنگانەی لە دووبارەکردنەوەی پیتەکان بەرهەمدێن، جۆرە مۆسیقایەک دروستدەکەن، جا بۆ سازاندنی مۆسیقایەکی داهێنەرانە و سەرنج ڕاکێش، پێویستە شاعیر لە دانانی پیتەکان لێزان و شارەزا بێت، ((دووبارەکردنەوەی دەنگ، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی گوێگر، بەرەو قووڵایی وشەکان ببات)) (الخرابشە: ٢٠٠٨،٢٤٦)، چونکە هەندێک لە دەنگەکان، ئەرکێکی ڕێزمانیی گەورەتر دەبینن، وەک ئامرازەکانی خستنەسەر و لێکدەر و جێناوە لکاوەکان.

### ٢-٢-١ دووبارەکردنەوەی پیت لە وشەدا

مەبەست لە دووبارە بەکارهێنانەوەی پیتێکی دیاریکراوە لە پێکهاتەی بونیادی جۆرەکانی وشەدا. هەرچەندە ئەم دووبارەکردنەوەی پیتە،

پەیوەستە بە خودی وشەکە خۆیەوە، بەڵام ڕۆڵ و بەهرەی شاعیر لە هەڵبژاردن و دارشتن و لادان و ئەفراندنی وشە بەکارهێندراوەکانیدا دەردەکەوێت. بەشێکی گرنگ لە مۆسیقای ناوەوەی شیعر دەکەوێتە ئەستۆی دووبارەکردنەوەی پیتەکان لە وشەدا. بە تایبەتی لەو شوێنانەی، کە لە وشەدا هێزیان دەکەوێتە سەر.

لە بونیادی دەقی (سەدان ساڵە)دا، چەندین وشەمان بەرچاودەکەون، کە پیتێک یان زیاتریان تێدا دووبارەبووەتەوە. هەندێک لەو پیتانە لە پاڵ پیتگەلێکی دیکە، بەرزی و نزمییەکی هەستپێکراویان لە ئاوازی وشەکاندا دروستکردووە.

پەشێو جگە لەوەی شاعیرێکی بە توانایە، لە خوێندنەوەی شیعرەکانیشیدا خاوەن شێوازێکی کاریگەر و کارتێکەرە، بۆیە لە بەرجەستەکردنی ئەو بەرزی و نزمییانەدا، وەک مۆسیقاژەنیکی شارەزا کار لەسەر ڕیزکردنی دەنگەکان دەکات. بۆ نموونە، لە وشەگەلێکی وەک: (لافاو، لاسار) بەهۆی دووبارەکردنەوەی (ا)ی بزوێنی درێژ لەپاڵ پیتی (ل) و بەکارهێنانیان لە فۆڕمی دوو وشەی لەیەکتر نزیک و نزیککردنەوەیان لەدارشتنی ڕستەدا (من لافاوێکی لاسارم) ئاوازێکی پڕ جووڵەی دروستکردووە. شاعیر لە دووبارەکردنەوەی چەندین پیتی دیکەی جیاواز لە ناو وشەی سەربەخۆدا، هونەرێکی دیکەی نواندووە و توانیویەتی جگە لە سازکردنی ئاوازی جیاواز و سەرنجڕاکێش، سەرنجمان بۆ جیاوازیی وشەکانیش ڕابکێشێ و لەناو دەقەکەدا زەقتریان بکاتەوە، کە بێگومان ئەم جیاکردنەوە و زەقکردنەوەیەشی بێمەبەست نەکردووە. بۆ نموونە: دووبارەکردنەوەی پیتی (س) لە وشەی (کاسەسەر)، یان پیتی (ک) لە وشەی (کتکەکۆر)دا، کە جگە لە دروستکردنی وشەیەکی ئاوازدار، لێکچواندنێکی ناوازەشی لەنێوان خۆی (وەک گەل) و کتکەکۆر وەک ئاژەڵێکی بەرماوخۆر دروستکردووە، ئەوەی

ڕووی لێکچواندنەکەی قووڵتر و کاریگەرتر کردووە، کتکەکە، کتکێکی ئاسایی نییە و کتکەکوێرە. لە فەرهەنگی کەلتووریی میللەتی کورد (کتکەکوێر) ڕەمزی چڵێسی و بەدفەڕی و خۆپەرستییە. شاعیر وشەکەی دانەڕشتووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی وشەکە زۆر سەرکەوتوو بووە، وەک کەرەسەیەکی جیاواز لە کەرەسەکانی دیکە کردوویەتییە جێی تێڕامان و سەرنجی خوێنەر، کە ئەمەش بۆ دووبارەبوونەوەی پیتی (ک) دەگەڕێتەوە.

- چەندین وشەی دیکە هەن پیتی دووبارەبووەوە لە پێکهاتەکانیاندا هەن. لەم خشتەیەی خوارەوەدا، بەپێی دووبارەبوونەوەی پیتەکان، ژمارەی وشەکان لە تەواوی شیعرەکە دەخەینەڕوو:

| پیت | ژمارەی وشەکان | | پیت | ژمارەی وشەکان |
|---|---|---|---|---|
| ە | ٤٠ | | م | ٣ |
| ی | ١٣ | | ک | ٢ |
| ا | ١٢ | | ڕ | ٢ |
| ن | ١١ | | پ | ٢ |
| و | ٦ | | د | ١ |
| ر | ٣ | | گ | ١ |

جێی ئاماژە پێکردنە، ئەو وشانە بەهۆی دووبارەبوونەوەی پیتەکان بوونەتە وشەی ئاوازدار، لەنێو وشەکانی دیکەی نێو دەق، زەقتر دەردەکەون و دەبنە مایەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنی خوێنەر.

### ٢-٢-٢ دووبارەکردنەوەی پیت لە دەستەواژەدا

جیاواز لە پێکهاتەی وشە، دارشتنی دەستەواژە، لەژێر هەژموونی بەکارهێنەرانیدایە، بەو مانایەی ئەگەر دووبارەبوونەوەی پیت لە وشەدا پەیوەست بێت بە خودی وشەکە خۆی، ئەوا لە پێکهاتەی دەستەواژەدا پەیوەستە بە توانا و بەهرەمەندیی دارێژەری دەستەواژەکەوە، چونکە لە هەڵبژاردن و گونجاندنی پێکهێنەرەکاندا سەربەستە.

مەبەستی سەرەکی لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژە، پێداگرییە لەسەر لایەنێکی هەستیار، کە جێی بایەخی ئاخێوەر (شاعیر)ە، بەو مانایەی هەڵگری دەلالەتگەلێکی دەروونین (الملائکە: ١٩٩٦، ٢٧٦). ئەوەی جێی سەرنجە لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا، پەشێو چەندین دەستەواژەی ئاوازداری دروستکردووە. بۆ نموونە؛ لە دەستەواژەی (سەدان ساڵە)دا، بەهۆی دووبارەکردنەوەی پیتی (س) لە سەرەتای دوو پێکهێنەری دەستەواژەکە، کە لە هەردوو وشەکەشدا هێزیان کەوتۆتە سەر، شاعیر توانیویەتی دەستەواژەیەکی مۆسیقادار بەرهەمبهێنێت و لەگەڵ خوێندنەوە، یان بیستنی، هەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێش بکەین. بە دڵنیاییەوە ئەو چاوەڕوانییە لە دەستەواژەی (سەدان مانگە)دا نییە. ئەمەش بۆ پیتی (س) دەگەڕێتەوە، چونکە لە پێکهاتەی هەردوو دەستەواژەکەدا. پیتی (ا) و (ە) دووبارەبوونەتەوە، بەڵام بەراورد بە پیتی (س) ئەو ڕۆڵە کاریگەرەیان نییە، کە بتوانن مۆسیقای دەسەواژەکەی پێشوو بپارێزن.

لە دەستەواژەی (کێ بێ)دا، پیتی (ێ) دووبارەکراوەتەوە، لە دەستەواژەی (ئاگری سارد)یشدا، هەردوو پیتی (ا) و (ر) بەیەکەوە مۆسیقای دەستەواژەکەیان دروستکردووە. بەڵام لەبەرئەوەی هێزیان

نەکەوتۆتە سەر، نەیان توانیوە هێندەی پیتی (س) لە دەستەواژەی (سەدان ساڵە)دا کاریگەری بنوێنن.

### ٢-٢-٣ دووبارەبوونەوەی پیت لە (ڕستە)، یان لە (دێڕ)دا

دووبارەبوونەوەی پیت لە ئاستی ڕستەدا، دیاردەیەکی ئاساییە. هەندێک جار لە پێکهاتەی دەقی شیعردا، ڕستە یان دێڕەکان زۆر کورتن، بەتایبەتی لە شیعری نوێدا، بۆیە دەرفەت بۆ داهێنان و کارکردن بە تەکنیکی دووبارەکردنەوەی پیت لەبەردەم شاعیری بەتوانا و بە ئەزموونندا هەیە. پەشێو لە شیعری (سەدان ساڵە)دا. بە مەبەست و بە ئاگاییەوە لە داڕشتنی پێکهاتەی دێڕدا، کاری لەسەر دووبارەکردنەوەی پیتەکان کردووە و بە ئاسانی هەست بەو ئاوازە دەکەین، کە لە دووبارەبوونەوەی پیتەکاندا دروست دەبن. لە کەم دێڕدا هەیە، هەست بەم تەکنیکە نەکرێ. نموونەی چەند دێڕە شیعرێک:

| ڕستە | دەنگە دووبارەکان | زەقترین دەنگ |
|---|---|---|
| لە وێرانە ماڵی خۆمدا | م، ا، ە | م |
| حەوشوبەری خۆم والآیە و | و، ە، ا، ی | و |
| ڕۆژێک لە تاران کوتاڵم | ت، ک، ا | ت |
| هەرچوار دەورم شارۆچکەیە و | ر، و، چ، ە، ا | ر |
| مێروولە دەمیان تێ ناوم | م، ێ، ن، ا | م |
| تەوری برای داریش هەیە | ر، ی، ە، ا | ر |
| بەزەیی من زەریایەک بوو | ز، ی، ب، ە | ز |
| دوای پینەیەک لەپێ دەکرێم | پ، د، ی، ە، ک | پ |
| ماری شیرین ژاریش هەیە | ش، ی، ر، ا، ە | ش |
| لە قامچیی خۆم ڕاپەڕیوم | ڕ، م، ی، ە، ا | ڕ |

**٢-٢-٤ دووبارەبوونەوەی پیت لە کۆپڵەدا**

کـــۆپڵە لە شـــیعری نوێـــدا، لە ڕووی پێکهـــاتەی وشـــە و دێـــڕ و تۆپۆگرافیاوە، بۆی هەیە لەگەڵ کۆپڵەکانی دیکەی ناو هەمان دەق جیاوز بێت. ئەم جیاوازییە لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا، بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. پەشێو هەوڵیداوە، بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەنگەکانەوە وابکات کە هەر بەشێک بە جیا خاوەن ئاوازێکی تایبەت بەخۆی بێت. لە زەقکـــردنەوەی هەنـــدێک دەنگـــدا، ئەو جیـــاوازییەی دروســـتکردووە. مەبەســـتمان لە دەنـــگە زەقەکـــان، ئەو دەنگـــانەن، کە بە ئاگـــاییەوە دووبارەکراونەتەوە. مەرج نییە ئەو دەنگانە لە پێکهاتەی بەشدا، بە ژمارە زۆرترین دووبارەبوونەوەیان بەخۆیانەوە دیبێ، بەڵام لە دەنگەکانی دیکە زەقتر دەردەکەون. بۆ نموونە لە کۆتا کۆپڵەدا (لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو)، کە (٣٩) وشە لە (١٣) دێڕدا لەخۆدەگرێت، (١٩) جار پیتی (م) دووبارەکراوەتەوە، هەرچەندە لە هەمان کۆپڵەدا (١٨) جار پیتی (ن) دووبارەبۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە پێگەی دەنگی (م) لاواز بکات، چونکە دەنگی (م) وەک سەروای کۆپڵەکە پێگەیەکی بەهێزتری گرتووە و هیچ دێڕێکیش نییە پیتی (م) لە پێکهاتەکەیدا نەبێت. بەمەش (م) توانیویەتی وەک پیتێکی زەق هەژمونی خۆی بەسەر مۆسیقای کۆپڵەکەدا بسەپێنێ.

**٢-٢-٥ دووبارەبوونەوەی پیت لە دەقدا**

لە دەقـــی شـــیعرێکی درێـــژی وەک (ســـەدان ســـاڵە)دا، دەرفەتـــی دووبارەبوونەوە بۆ زۆربەی پیتەکان دەڕەخسێت. هەمووشیان ڕۆڵ لە سازکردنی مۆسیقای شیعردا دەبینن. مەرج نییە گەورەترین ڕۆڵ بەر گەورەترین ژمارەی دووبارەبوونەوەی پیتێک کەوتبێت. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە بەشەکانیشدا ئەو ڕۆڵەی دووپارەبوونەوەی پیتەکان بەر پیتی جیاواز کەوتووە، بەڵام لە بابەتی دووبارەکردنەوەی پیت لە

دەقدا، لە ئاماری پیتە دووبارەکراوەکاندا، پشت بە ژمارەکانیان دەبەستین، بۆ ئەو مەبەستەش (١٥) پیتی یەکەممان لە ڕیزبەندییەکە هەڵبژاردوون، وەک لەم خشتەیەدا هەژمارکراون:

| پیت | جار | پیت | جار | پیت | جار |
|---|---|---|---|---|---|
| ە | ٢٢١ | ا | ١٤١ | ی | ١٣١ |
| ن | ١٢١ | و | ١١٤ | م | ٩٧ |
| ر | ٧٤ | ێ | ٦٧ | د | ٥٩ |
| ک | ٥٠ | ب | ٤٨ | س | ٣٧ |
| ڵ | ٣٦ | پ | ٣٢ | ت | ٣٢ |

## ٢-٣ دووبارەکردنەوەی جێناو

دووبارەکردنەوەی جێناوەکان لە پێکهاتەی دەقی شیعریی نوێدا، دیاردەیەکی بەرچاوە، بە تایبەتی لە ڕستەدا. جێناوەکان لە کاتی دووبارەبوونەوەیاندا، زەینی خوێنەر ڕادەچڵەکێنن بۆ ئەوەی قووڵتر تێکەڵ بە مەبەستی دەربڕینەکان ببن و ئەو ئاراستەیە بدۆزنەوە، کە بە سەرچاوەی هەڵقوڵانی هەڵچوونەکانیان دەگەیێنن.

جێناوەکان بە دوو شێوە دەردەکەون، یان سەربەخۆن، یان لکاون. بۆیە ئاماژەکانیان یان ڕاستەوخۆ بەرجەستە دەبن، یان ناڕاستەوخۆ هەستیان پێدەکەین.

دووبارەبوونەوەی جێناوەکانی کەسی یەکەمی تاک (من، م) ، کە خودی شاعیر دەگرێتەوە، ئەو هەستەمان لەلا دروست دەکات، کە هەڵچوونەکان ڕاستگۆیانەتر و بەرهەستترن، چونکە ڕاستەوخۆ لە

سەرچاوەکەیەوە پێمان دەگەن. زیاتر هەست بە گوڕ و تینی دەربڕینەکان دەکەیــن، چــونکە لە ســەرچاوەکەیەوە نزیکتــرین، بەو واتــایەی مەودای خــوێنەر و ســـەرچاوەکە، لە مەوداکـــانی دیـــکە کـــورتترە، کە بەهـــۆی جێناوەکانی دیکە بەرجەستە دەبن.

پەشێو جگە لە جێناوی کەسی یەکەم، جێناوی کەسی سێیەمی تاک و کـۆ(ی، یـان، ن)یشـی بە بەرفراوانـی بەکارهێنـاوە، ئەم بەکارهێنـانەی لە ڕووی مەودای ڕاسـتەقینەی دەربڕینـدا، بەراورد بە جێناوەکـانی (مـن، م) دوورترە، چونکە خودی شاعیر کەوتۆتە نێوان هەردوو جەمسـەرەکەوە. بـوونی شـاعیر لەو نێوەنـدەدا، هاوکـارییەکی زۆری خـوێنەر دەکـات بـۆ ئەوەی هەڵێنجــراوی ســـەرچاوەکە بە خـــوێنەر بگەیەنـــێ، نەک هەمـــوو ســـەرچاوەکە، ئەمەش وایکــردووە، کە لە ڕوانــگەی جیهــانبینیی شـــاعیر هەست بە بوونی ئەوان بکەین وەک ئەوەی شاعیر بەرجەستەیان دەکات، نەک وەک ئەوەی، کە هەن، یـــان وەک ئەوەی کەســـێکی دیـــکە وێنایـــان دەکات.

پەشێو لە بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی هەردوو جێنـاوەکەدا، توانیـویەتی لە بینینـی ڕاسـتیی پەیـامەکە، ئەو دڵنیـاییە بـۆ خـوێنەر دروست بکات، کە مەبەستیەتی.

ئەمەش ڕەهەنـدێکی دەروونیـی بەهێـزی لە گوتـاری شـیعرەکەدا دەرخستووە. بە تایبەتی، کە دەبینین پەشێو وەک نەتەوە هاتۆتە قسە و هاواری لێ هەڵساوە. کە ئەم هاوارەش ڕووبەڕووی کەسی دووەم دەکـاتەوە، لەســەر ئاسـتی کـۆ گوتـارەکەی ئاراسـتەدەکات، ئەمەش قورســـایی پەیـامەکەی هێنـدە زیـادکردووە، کە شـیاوی میللەتێکـی ستەمدیدەی سەدان ساڵەبێت.

لەم خشتەیەدا، جۆر و ژمارەی جێناوە دووبارەبووەکان لە تەواوی دەقەکەدا، دەخەینەڕوو:

| جێناو | جۆر | کەس | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|
| من | سەربەخۆ | یەکەمی تاک | ١١ |
| م | لکاو | یەکەمی تاک | ٥٢ |
| ن | لکاو | دووەمی کۆ | ٦ |
| ی | لکاو | سێیەمی تاک | ٩ |
| ن | لکاو | سێیەمی کۆ | ١٦ |
| یان | لکاو | سێیەمی کۆ | ٧ |

### ٢-٤ دووبارەکردنەوەی ئامرازەکان

هەندێک لە پیتەکان، جگە لە پێکهاتەی وشە، وەک (ئامراز) ئەرکی ڕێزمانی دەبینن. بەو هۆیەشەوە، دەرفەتی دووبارەبوونەوەی زیاتریان بۆ دەڕەخسێنن و کاریگەریی زیاتر لە بونیادی مۆسیقای دەق دروست دەکەن. لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ئەو ئامرازانە دەخەینەڕوو، کە لە دەقی (سەدان ساڵە)دا زیاتر دووبارەبوونەتەوە.

| ئامراز | جۆر | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| ی | خستنەسەر | ٣٩ |
| ی | لێکدەر | ٦ |
| و | بەستنەوە | ١٣ |
| لە | پەیوەندی | ١٣ |
| بە | پەیوەندی | ١٣ |
| ئەوانە | نیشانە | ٦ |

### ٢-٥ دووبارەکردنەوەی وشە

دووبارەکردنەوەی وشە لە شیعری نوێ و پڕ ڕەمزدا، جیاواز لە پیت و ئامرازەکان، ئەرکێکی قورسی دەلالی دەکەوێتە ئەستۆ. شاعیرانی نوێخوازی کورد، بۆ بەرجەستەکردنی هەڵچوونە دەروونی و هونەرییەکانیان پەنایان بۆ تەکنیکی دووبارەکردنەوەی وشە بردووە. لە هونەری جوانکاریشدا وەک دیاردەیەکی ڕەوانبێژی، جۆرەکانی ڕەگەزدۆزیی تێدا بەرجەستە دەبن، کە ئەمەش ((ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە مۆسیقای ناوەوەدا)) (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٢٣). پەشێو لە شیعری (سەدان ساڵە)دا، وێڕای ئەو ئەرکانە، لە ڕێی دووبارەکردنەوەی چەند وشەیەکەوە، مێژوویێکی سەدان ساڵەی نەهامەتییەکانی نەتەوەی کوردی هێناوەتە سەر خوانی شیعر.

### ٢-٥-١ دووبارەبوونەوەی وشە وەک خۆی

مەبەستمان ئەو وشانەن، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەقدا دووبارەبوونەتەوە. وشەکان ئەگەر (ناو)بن، وەک خۆیان دووبارەدەبنەوە،

ئەگەر (کار)بن بۆیان هەیە بەپێی ئەرکە ڕێزمانییەکەیان گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ. لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا، شاعیر چەند تەکنیکێکی بۆ شێوازی دووبارەکردنەوە بەکارهێناوە:

### ٢-٥-١-١ دووبارەبوونەوەی وشە لە وشەی لێکدراودا

یەکێک لە شێوازەکانی داڕشتنی وشەی لێکدراو، دووبارەکردنەوەی وشەیەکە وەک خۆی، لە دەقی شیعری (سەدان ساڵە)دا، پەشێو تەنها یەک وشەی لێکدراوی لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە دورستکردووە، کە وشەی (پینەپینە)یە.

سەدان ساڵە،

لەبەر دەرگەی تەکیەی جیهان،

جووتێک سۆلی پینەپینەم،

کێ لەپێم کا بۆ ئەو دەشێم.

شاعیر بە دووبارەکردنەوەی وشەی (پینە)، مەودایەکی فراوانی دەلالی دروستکردووە و لە ڕووی ژمارەوە، پینەیەکی بێ شوماری سەدان ساڵەی پینە لەسەر پینەی وێناکردووە. لەلایەکی دیکە، گواستنەوەی شوێنی ئەو پینانە لە جلوبەرگەوە، بە سەر جەستەیەکی سۆل ئامێز، ڕەهەندێکی دەروونیی بەهێزی هەیە. دەبێ چ ناسۆرێکی قووڵ بێ لە دەروونی شاعیردا!؟ کە ژان و ژوونی دەگاتە ئێمەی خوێنەر.

### ٢-٥-١-٢ دووبارەبوونەوەی وشە لە پێکهاتەی کۆپلەدا

دابەشکردنی دەقی شیعر بەسەر کۆپلەی جیاوازدا، تەکنیکێکی دیاری شیعری نوێیە و لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە، چەند شێوازێکی دابەشکردنی

کۆپڵە پەیڕەودەکرێن، لەوانەش بەکارهێنانی سێ ئەستێرەی ئاسۆیی ( * * * ).

پەشێو لە پێکهاتەی شیعری (سەدان ساڵە)دا، ئەو تەکنیکەی پەیڕەوکردووە و لە ڕووی کورتی و درێژی و دابەشکردنی ناوەرۆکدا، دەقەکەی کردۆتە حەوت بەشی جیاواز.

ئەوەی جێی تێڕامانە، شاعیر لەپاڵ دابەشکاریی ئەستێرەییدا و لە ئەنجامی بەکارهێنانی تەکنیکی دووبارەکردنەوەدا، لە ڕووی ئەرک و دەلالەتەوە، جیاوازیی خستۆتە نێوان کۆپڵەکانەوە. بۆ نموونە؛ لە چوار جارەی دووبارەکردنەوەی وشەی (ڕۆژێک) لە کۆپڵەی دووەمدا، شاعیر وێرانە ماڵی کوردانمان بۆ وێنادەکات و لە هەر چوارلاوە، لە چوار پارچەکەی کوردستانەوە، چوار پەنجەرەی بەسەر مێژوویێکدا کردۆتەوە، کە مەودای بینینێکی سەدان ساڵەی بۆ خوێنەر فەراهەمکردووە.

شاعیر لە سەرەتای دێڕدا وشەکان دووبارەدەکاتەوە، وەک ئەوەی پێمان بڵێ بە درێژایی سەدان ساڵی مێژوو، نوێبوونەوەی ڕۆژەکان، نەهامەتییەکی دیکە و سیناریۆیەکی دیکەی قێزەونی بۆ کورد هێناوەتە پێش.

سەدان ساڵە،

ڕۆژێک دەبم

بە مەیتەری والیی بەغدا.

ڕۆژێک لە تاران کوتاڵم.

ڕۆژێک لیفکەم

گەڵی ژنی سوڵتان دەشۆم،

ڕۆژێک گەسکم شام دەماڵم.

لەو چەنــد دێــڕە کــورتەدا، شــاعیر ((بە مەبەســتی پێــداگرتن و تەوکید))(عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٤٣) و بە چوار جار دووبارەکردنەوەی وشەی (ڕۆژێـک) بزاوتێکـی خێـرا و پـڕ گـوڕ دەخـاتە زەیـن و هەژانێکـی بەهێـز دەخاتە ناخ و هەستی مرۆڤ.

چوار جار و هەرجارەی پارچەیکی دابڕاو لە جەستەی نیشتمان.

چوارجـار و هەرجـارەی مێژوویێکـی سـەدان سـاڵەی پـڕ نەهـامەتی و بێبەهرەیی و ڕیسوابوون.

شـاعیر لەم دووبـارەکردنەوەیەدا، بە قەد ئاسـتی مەعریفیـی خـوێنەر گوشـاری دەخاتەسـەر. بەلایەنـی کەم ئەو هەسـتەمان بۆ دروسـت دەکات، کە بە قوولایی سـەدان سـاڵ، ڕۆژگەلێکی یەکجـار زۆری هاوشـێوە هەن و لە زەینی خوێنەردا لاپەڕەکانیان بەخێرایی هەڵدەدرێنەوە.

ڕۆژێک لیفکەم

گەڵی ژنی سوڵتان دەشۆم،

ئەو ڕۆژەی پەشــێو نــاوی دەهێنــێ، ڕەهەنـدێکی پێنجســەد ســاڵەی هەژمـوونی ئیمپڕاتـۆریەتی عوسـمانییەکانە، کە لە بەرگـی (بـرای دینـی)دا، نەتەوەی کوردیان خەساندبوو. هەر لەو ڕۆژەدا دەیـان دیمەنـی تراژیـدیی کوشــتوبڕی ژن و منــداڵ و ســووتاندنی گونــد و داهــات و لەبــاربردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانمان دێنەوە پێش چاو.

ڕۆژەکانی دیکە و لە پارچەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. ئێمە باس لە تەکنیکی دووبارەکردنەوە دەکەین، دەنا ئەو ڕۆژانە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرن.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، خستنەڕووی ئەو ئەرکە جیاوازەیە، کە لەنێوان دووبارەکردنەوەی پیت و وشەدا هەیە.

پەشێو لە دووبارەکردنەوەی چەند وشەیەکی دیکەشدا، هەڵبەزودابەزێکی بەهێزی دەروونیی دروستکردووە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، وشە و جۆر و ژمارەی دووبارەبوونەوەکانیان لە دەقەکەدا، دەخەینەڕوو:

| وشە | جۆر | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| ڕۆژێک | ناو | ٤ |
| خوێن | ناو | ٤ |
| مێروو | ناو | ٣ |
| مار | ناو | ٣ |
| نانیشمەوە | کار | ٣ |
| نانوومەوە | کار | ٣ |
| دیوە | کار | ٣ |
| سوڵتان | ناو | ٢ |
| زێروو | ناو | ٢ |
| زام | ناو | ٢ |
| نێچیر | ناو | ٢ |
| دان | ناو | ٢ |
| خەڵکە | ناو | ٢ |

## ٦-٢ دووبارەکردنەوەی دەستەواژە

ئەرکــی دەلالیــی دووبــارەبوونەوەی دەســتەواژەکانیش، هاوشــێوەی دووبـــارەبوونەوەی وشـــە، گـــران و مەودا فـــراوانە، بـــۆ نمـــوونە؛ لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (سـەدان ساڵە)دا، شـاعیر، هەمـان ئاوازی بۆ دەستپێکی (٥) لە کۆپلەکان داڕشتووە، لەناو کۆپلەکانیشدا، لە سەرەتای دێـــڕ و وەک دێڕێکـــی ســـەربەخۆ دووبـــارەکراوەتەوە. لە زنجیـــرە دووبــارەکردنەوەی دەســتەواژەکەدا، پــلە بە پــلە هەســت بە هەڵچــوونی دەروونیی شـاعیر دەکەیـن و تـابلۆ تـابلۆ دیمەنگەلێکی سـەدان سـاڵەییمان لەلا وێنادەکــات. پەشــێو دەیەوێ بەو دووبــارەکردنەوانە، بە شــێوەیەکی کاریگەرتر پەیامێکی مێژووی بەردەوام و دووبارەی خۆی، وەک نەتەوە بگەیەنێ.

جــگە لەوەش خــوێنەر بــۆ قۆنــاغێکی دیــکە ئامادەدەکــات، کە تووڕەبوونە.

لە دەقی شیعرەکەدا چەند دەستەواژەیەکی دیکەی دووبارە هەن، کە لەم خشتەیەدا، دەیانخەینەڕوو:

| دەستەواژە | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| سەدان ساڵە | ٩ |
| برای یەکن | ٤ |
| کێ بێ | ٢ |
| لافاوێکی لاسار | ٢ |

### ٢-٧ دووبارەکردنەوەی دێڕ

یەکێک لە پێکهاتە دووبارەبووەکانی شیعری (سەدان ساڵە)، دووبارەکردنەوەی دێڕە شیعرە. شاعیر زۆرترین تەکنیکی هەستپێکراوی دووبارەکردنەوەی، لە دووبارەکردنەوەی دێڕدا پەیڕەوکردووە. بە ڕادەیەک، لە کۆی (٩٣) دێڕ، (٤٣) دێڕیان دووبارەن.

دێڕ لە پێکهاتەی شیعری (سەدان ساڵە)دا، دەستەواژەن، یان ڕستەن، بە فۆڕمی خۆیان دووبارە دەبنەوە. ئەمەش وایکردووە زیاتر هەست بە کاریگەریی ئەم ڕێژە زۆرەی دووبارەبوونەوەکان بکەین. ئەم تەکنیکە، تەواو لەگەڵ مەبەستی شاعیر یەکانگیرە، کە خستنەڕووی دووبارەبوونەوەی بەرزی و نزمییەکانی سەدان ساڵەی مێژووی ژیانی میللەتێکن. ڕستە دووبارەبووەکان، خوێنەر زیاتر هۆگری دەق دەکات.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، دێڕە دووبارەکان دەخەینەڕوو:

| دێڕ | ژمارەی دووبارەبوونەوە | ڕیزبەندیی دێڕەکان |
|---|---|---|
| سەدان ساڵە | ٩ | ١، ٤، ٧، ١٤،١٩، ٢٢، ٢٥، ٢٩، ٣١ |
| من پشتێکی بریندارم | ٢ | ٣٣، ٨١ |
| لە قامچیی خۆم ڕاپەڕیوم | ٢ | ٣٤، ٨٢ |
| من لافاوێکی لاسارم | ٢ | ٣٥، ٨٣ |
| لەو کەنارانە هەڵساوم | ٢ | ٣٦، ٨٤ |
| کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم | ٢ | ٣٧، ٨٥ |
| ناتیشمەوە | ٣ | ٣٨، ٤٦، ٨٦ |
| ناتوومەوە | ٣ | ٣٩، ٤٧، ٨٧ |
| بێئارامم | ٢ | ٤٠، ٨٨ |
| ئارامی من – چرایەک بوو | ٢ | ٤١، ٨٩ |
| ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت | ٢ | ٤٢، ٩٠ |
| بێبەزەییم | ٢ | ٤٣، ٩١ |
| بەزەیی من – زەریایەک بوو | ٢ | ٤٤، ٩٢ |
| بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت | ٢ | ٤٥، ٩٣ |
| قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن | ٦ | ٥٢، ٥٤، ٥٦، ٦٠، ٧٧، ٧٩ |

## ٢-٨ دووبارەکردنەوەی وێنەی شیعری

یەکێک لە تەکنیکە سەرنجڕاکێش و ناوازەکانی دووبارەکردنەوە لە شیعری (سەدان ساڵە)دا، تەکنیکی دووبارەکردنەوەی وێنەی شیعرییە. شاعیر چەند فۆڕمێکی داڕشتووە و هەرجارەی بە وشەگەلێکی جیاواز دووبارەیان دەکاتەوە. ئەم تەکنیکە لە پێکهاتەی دەقەکەدا، لە تەکنیکەکانی

دیکەی دووبارەکردنەوەدا، بەرچاوتر و کاریگەرتر و فرە ڕەهەندترە و بەراورد بە دەقەکانی دیکەی پەشێو، بابەتێکی نوێترە.

دووبارەکردنەوەی وێنە جیاوازەکان لە دەقدا، لەڕووی دەنگ و ئاوازەوە، کۆپلە ڕەنگاوڕەنگەکانی مۆسیقای شیعرەکەیان پێکهێناوە، بەمەش چێژێکی زیاتری بە خوێندنەوەی دەقەکە بەخشیوە.

لە ڕووی واتاییشەوە، وشە جیاوازە بەکارهاتووەکانی، لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا جێکردوونەتەوە، بەمەش مەودایەکی فراوانتر بۆ خستنەڕووی دیمەنە جۆراوجۆرەکانی سەدان ساڵەی بوونی میللەتێک، لە چەند دێڕ و کۆپلەیەکدا فەراهەم دەکات.

پەشێو لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا، گونجانێکی تەواوی لەگەڵ دەلالەتەکانی سەدان ساڵەدا سازاندووە و ڕەوایەتیی بە هەڵچوونەکانی خۆی دەدات، ئەو یەقینە بۆ ئێمەی خوێنەر دروستدەکات، کە ژیان بە هەموو ناسۆر و هەوڵ و هەڵەکانییەوە، بۆ خۆی پرۆسەیەکی دووبارەیە و کورد بە درێژایی سەدان ساڵە، لە ململانێیەکی دووبارەبووەوەدایە.

لە پێکهاتەی کۆپلەی شەشەمدا و لەسەر ئاستی وشە، شاعیر چەند دژێک بەرانبەر یەکتر دەکاتەوە: (دان و مێروو، خوێن و زێروو، ماسی و چەنگاڵ، مشک و جەواڵ، دەست و چزوو، پەت و گەردن، گوێزان و موو، ڕاوچی و نێچیر، خەنجەر و زام، ئاگر و کا، هێلانەی مەل و مار، تەور و دار، کەر و گورگ). جا چەند فۆرمێک دادەڕێژێ و چەند وشەیەک لەنێو دژەکاندا هەڵدەبژێرێتەوە و لە پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا دووبارەیان دەکاتەوە. بۆ نموونە لە فۆرمی:

**کەمن ........ بم، کوا دەرفەت؟**

**یا من، یا ........ .**

شـاعیر، سـوود لە وشـە دژەکـان وەردەگـرێ و فـۆڕمەکەی پـێ دووبارەدەکاتەوە:

کەمن دان بم، کوا دەرفەت؟

یا من، یا مێروو.

کەمن خوێن بم، کوا دەرفەت؟

یا من، یا زێروو.

ئەگەر سـەرنج لە دەقەکە بـدەین، وشـەگەلێکی دیـکەی دژ هەن و دەتواندرێ بە ئاسانی لەو فۆڕمەدا تەوزیف بکرێن، بۆ نموونە:

کەمن نێچیر بم، کوا دەرفەت؟

یا من، یا ڕاوچی.

کەمن کا بم، کوا دەرفەت؟

یا من، یا ئاگر.

وشە دژەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، هیچ گرفێک لە پڕکردنەوەی فـۆڕمەکە دروسـت نـاکەن. مەبەسـتی سـەرەکیی پەشـێو لە دووبارەکردنەوەی ئەو فۆڕمە، زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر نەگونجان و بەیەکەوە هەڵنەکردنی دژەکان، بۆیە شاعیر، بۆ خۆپاراستن لە درێژدادڕی، بە دووبارەکردنەوەی دوو جاری فۆڕمەکە، مەبەستەکەی پێکاوە.

پەشـێو لە ناوهێنـان و هەڵبژاردنـی دژەکانـدا بـێ مەبەسـت نەبـووە. بـۆئەوەی زەرووڕەتـی ئەو هەمـوو دژانە لە دەقـدا بسـەلمێنێ، پەنـای بـۆ

داڕشتنی فۆڕمی دیکە بردووە، بۆ ئەوەی پاڵپشتیی پەیامەکەی بکات و ڕاستەقینەی ئەزموونی سەدان ساڵەی نەگونجانەکە بخاتەڕوو.

بۆ نموونە: لە فۆڕمی

**(قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:**

**.......... و .......... برای یەکن)دا**

چوار ڕووبەڕووکردنەوەی جیاواز وێنا دەکات:

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

دان و مێروو برای یەکن.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

خوێن و زێروو برای یەکن.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

ماسی و چەنگاڵ

مشک و جەواڵ

دەست و چزوو برای یەکن.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

پەت و گەردن

گوێزان و موو برای یەکن.

له فۆڕمێکی دیکەی هاوشێوەدا:

**(قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:**

**.................... یش هەیە.)**

چارەسەری دوو دژی دیکەی کردووە:

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

ماری شیرین ژار یش هەیە.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

تەوری برای دار یش هەیە.

پەشێو لە چارەسەرکردنی بوونی دژەکاندا بەردەوامە، بەڵام لە فۆڕمی جیاوازدا، ئەمەشی بە چەند مەبەستێک کردووە، لەوانەش:

خۆ پاراستن لە درێژدادڕی.

ئەفراندنی ئاوازی جیاواز.

هەڵبەزودابەزپێکردنی هەڵچوونە دەروونییەکان.

لە فۆڕمی

**دە لە .......... بپرسن**

**........ دیوە ........ نەبێ؟**

دوو جار و دوو دیاردەی دیکەی دژی چارەسەرکردووە:

ده له داربەڕووو بپرسن

تەوری دیوه داربڕ نەبێ؟

ده له کەرێکیش بپرسن

گورگی دیوه کەردڕ نەبێ؟

**٨-٢ دووبارەکردنەوەی بەش**

دووبارەکردنەوەی دێڕێک، یان چەند دێڕێک له کۆتایی شیعری نوێدا، دیاردەیەکی باوه. شاعیر به هۆی ئەم تەکنیکه، دەیەوێ شوێنەواری کاریگەرییەکانی پەیامەکەی له زەین و له دەروونی خوێنەردا، قووڵتر بکاتەوه.

پەشێو پانتاییەکی زیاتری بەم تەکنیکه داوه و بەشێکی دەقی دووبارەکردۆتەوه، که (١٢) دێڕ لەخۆدەگرێت. شاعیر کرۆکی پەیامه لۆژیکییەکەی بۆ دووبارەکردنەوه هەڵبژاردووه و خۆی له دووبارەکردنەوەی هەڵڕشتنی ڕق و تووڕەییەکان پاراستووه، بەمەش ڕەوایەتی به پەیامی ئاراستەکراوی خۆی (وەک نەتەوه)دەدات.

**ئەنجامەکان:**

١- تەکنیکی دووبارەکردنەوە لای (عەبدوڵڵا پەشێو) هۆکارێکە بۆ گەیاندنی پەیامی شیعر و ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی کاریگەرییە دەروونییەکان. شاعیر بە چەندین مەبەست، پەنای بۆ تەکنیکەکانی دووبارەکردنەوە بردووە؛ بە مەبەستی پێداگرتن، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە، بە مەبەستی ئیستاتیکی.

٢- لەبەرئەوەی پەشێو لە ڕێی دەنگیشەوە، شیعرەکانی پێشکەش دەکات، لە بایەخی مۆسیقای شیعر گەیشتووە و بۆ ئەو مەبەستەش، لە دارشتنی شیعرەکانیدا، شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ دووبارەکردنەوەدا کردووە.

٣- لە شیعری (سەدان ساڵە)دا، پەشێو تەکنیکێکی ناوازە و دەگمەنی لە دووبارەکردنەوەدا پەیڕەوکردووە، ئەویش دووبارەکردنەوەی (وێنەی شیعری)یە.

٤- (پەشێو) لەسەر ئاستی ڕێزمانی، لە شیعری (سەدان ساڵە)دا، بە بەراورد بە شیعرەکانی دیکەی نێو دیوانی برووسکەچاندن، لە تەواوی ئاستەکاندا، زۆرترین تەکنیکی دووبارەکردنەوەی بەکارهێناوە.

## پەراوێزەکان:

١- بڕوانە: ابن الاثیر، جوهر الکنز تلخیص کنز البراعة في ادوات ذوي البراعة، تحقیق: محمد زغموم سلام، منشاة المعارف، الاسکندریة، ٢٠٠٩، ص ٢٥٧.

٢- ابو علي بن رشیق ناسراو بە القیروانی، لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی، لە وڵاتی جەزائیر لەدایک بووە. یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی بواری ڕەوانبێژی و خاوەنی چەندین کتێبی دانسقەیە و لە بابەتی ڕەوانبێژیدا پشتیان پێدەبەسترێت. بۆ خۆیشی شاعیر بووە و دیوانی هەیە).

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان**

- ئەحمەد، د. سەردار، کاریگەریی غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی، گۆڤاری ئەکادیمی، ژ٢٤، هەولێر، ٢٠١٣.

- ئیمامی، د. نەسرِوڵڵا، بنەما و متیۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی، و: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٨.

- پەشێو، عەبدوڵڵا ، بروسکەچاندن، چاپخانەی رۆشنبیری- هەولێر، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠١.

- کاکی، د. حەمە نوری عمر، شێواز لە شیعری نوێی کوردی، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠١٢.

- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

- عەلی، پەخشان ، شێوازی شیعری گۆران، لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- نهێلی، نعمت الله حامد، شێوازگەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیرێز، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٧.

- هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی- فارسی، انتشارات سروش، چ٦، تهران، ١٣٨٨.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**


- ابن الاثير، جوهر الكنز تلخيص كنز البراعة في ادوات ذوي البراعة، تحقيق: محمد زغموم سلام، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٩.

- ابن رشيق، العمدة في محاسن الشعر وآدابه و نقده، تحقيق: محمد محى الدين عبدالمجيد، دار الجيل، ج١، ط١، بيروت- لبنان، ١٩٨١.

- ابن منظور، لسان العرب، تحقيق: عبدالله علي الاكبر و آخرون، دار المعارف، ج٥، ط١، بيروت – لبنان، ١٩٩٨.

- البغدادي، عمر، خزانة الادب ولب لسان العرب، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط١، مصر ١٩٩٧.

- الخرابشة، على قاسم ، الابداع و بنيه القصيدة فى الشعر عبدالله البردوني. مجلة عالم الفكر، تصدر عن المجلس الوطني للثقافة والفنون و الادب- الكويت، ع١، مج٣٧، يونيو سبتمبر٢٠٠٨.

- السد، نورالدين ، المكونات الشعرية في يائية مالک بن الريب، مجلة اللغة والادب، جامعة الجزائر، عدد ١٤، الجزائر، ١٩٩٩.

- الشهراني، عبدالرحمن محمد ، التكرار مظاهره و اسراره رسالة الماجستير، جامعة أم القرى، كلية اللغة العربية، المملكة العربية السعودية،١٩٨٣.

- عبد، محمد صابر ، القصيدة العربية بين البنية الدلالية والبنية الايقاعية، أتحاد كتب العرب، ط١، دمشق، ٢٠٠١.

- عمر، أحمد مختار ، دراسة الصوت اللغوي، عالم الكتب، ط٢، القاهرة، ١٩٩٧.

- الكبيسي، عمران خضير ، لغة الشعر العربي المعاصر، وكالة المطبوعات، ط١، الكويت، ١٩٨٢.
- نــازك الملائــكه، قضــايا الشــعر المعاصــر. دار العلــم للملايــين، ط٩، بيروت،١٩٩٦.

**پاشکۆ**

**دەقی شیعری (سەدان ساڵە)**

سەدان ساڵە،

لە وێرانەماڵی خۆمدا،

کتکەکوڕەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.

سەدان ساڵە،

حەوشوبەرەی خۆم والآیە و

لەبەردەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.

* * *

سەدان ساڵە،

ڕۆژێک دەبم

به مەیتەری والیی بەغدا.

ڕۆژێک لە تاران کوتاڵم.

ڕۆژێک لیفکەم

گەڵی ژنی سوڵتان دەشۆم،

ڕۆژێک گەسکم شام دەماڵم.

* * *

سەدان ساڵە،

وەکوو چنگێک دانەوێڵە،

ئاشی مێژوو فڕێی داوم.

هەرچوار دەورم شارۆچکەیە و

مێرووله دەمیان تێ ناوم.

* * *

سەدان ساڵە،

کاسە سەرم- منارەیە،

کێ بێ، دەنگی تیا هەڵدەبڕێ.

سەدان ساڵە،

نیشتمانم نێرگەلەیە.

کێ بێ بە دەمیەوە دەگرێ.

* * *

سەدان ساڵە،

لەبەر دەرگەی تەکیەی جیهان،

جووتێک سۆلی پینەپینەم،

کێ لەپێم کا بۆ ئەو دەشێم.

سەدان ساڵە،

دوای تڵیشیک فڕێ دەدرێم.

سەدان ساڵە،

دوای پینەیەک لە پێ دەکرێم.

* * *

من پشتێکی بریندارم،

لە قامچیی خۆم ڕاپەڕیوم.

من لافاوێکی لاسارم،

لەو کەنارانە هەڵساوم

که تەنگیان پێ هەڵچنیوم.

نانیشمەوە،

نانوومەوە.

بێ ئارامم.

ئارامی من – چرایەک بوو،

ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت.

بێ بەزەییم،

بەزەیی من- زەریایەک بوو،

بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت.

نانیشمەوە،

نانوومەوە.

که من دان بم، کوا دەرفەت؟

یا من ، یا مێروو.

که من خوێن بم، کوا دەرفەت؟

یا من، یا زێروو.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

دان و مێروو برای یەکن.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

خوێن و زێروو برای یەکن.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

ماسی و چەنگاڵ،

مشک و جەواڵ،

دەست و چزوو برای یەکن.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

پەت و گەردن،

گوێزان و موو برای یەکن.

وەرن خەڵکە!

لە نێچیر و زام بپرسن،

بڵێن توخوا،

خەنجەر هەیە زام تیمار کا؟

ڕاوچی هەیە نێچیر نەخوا؟

دە خەڵکە، لە کا بپرسن،

قەت ئاگری ساردی دیوە؟

لە هێلانەی مەل بپرسن،

بە نیازی ماچ ...

قەت مار دەمی تێ ژەنیوە؟!

دە لە دار بەڕوو بپرسن،

تەوری دیوە داربڕ نەبێ؟

دە لە کەرێکیش بپرسن،

گورگی دیوە، کەردڕ نەبێ؟!

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

ماری شیرین ژاریش هەیە.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

تەوری برای داریش هەیە.

❊ ❊ ❊

من پشتێکی بریندارم،

له قامچیی خۆم ڕاپەڕیوم.

من لافاوێکی لاسارم،

لەو کەنارانە هەڵساوم

کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم.

نانیشمەوە،

نانوومەوە.

بێ ئارامم.

ئارامی من – چرایەک بوو،

ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت.

بێ بەزەییم،

بەزەیی من- زەریایەک بوو،

بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت!

**Abstract**

'Repetition in Abdullah Pashew's poem 'Sadan Sala" (Hundred Years) is the title of the research paper. The paper attempts to describe the technical methods of repetition in the structure of poetic texts.

Abdullah Pashew is one of the famous modern Kurdish poets. He has had a great role in revitalizing Kurdish Poetry. Repetition is one of the outstanding features in his poetic style. In addition to filling internal melody of poetry, he has more intentions and objects in using the techniques of repetition.

The paper is important, as on the one hand, it works on the techniques of repetition at the level of poetic structure, and on the other hand, it describes and studies the denotative meanings of repetitive items. The paper is likely to be a good resource for further studies as there are few resources in Kurdish language in this respect.

**ملخص:**

التكرار في قصيدة (سەدان ساڵە – مئات الاعوام) للشاعر (عبدالله بشيو)، هو عنوان بحثنا هذا. محاولة لوصف اساليب التكرار في بنية النص الشعري.

بشيو هو أحد الشعراء الكورد الحديثين، لقد كان له دور كبير في تنشيط الشعر الكوردي. والتكرار هو أحد الميزات البارزة في أسلوبه الشعري. بالاضافة الى ملء اللحن الداخلي للشعر، لديه المزيد من النوايا و الأشياء في استخدام تقنيات التكرار.

يعد البحث في غاية الاهمية، حيث يعمل على تقنيات التكرار على مستوى البنية الشعرية من ناحية، ومن ناحية اخرى، فانه يصف و يدرس المعاني الاشارية للعناصر المتكررة. من المرجح أن يكون البحث موردا جيدا لاجراء مزيد من الدراسات، حيث أن هناك مصادر قليلة باللغة الكوردية في هذا الصدد.